

# خوێندنەوەیەک بۆ وتارەکەی سەرۆکی کوردستان

# مسعود بارزانی بۆ ئازادی کورد جیاوازی بەهیچ پارچەیکی کوردستان نەکردووە



حوسێن یەزدانپەنا*

وتارەکەی سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی سوێندخواردنی یاسایی لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا لە گەڵ ئەوەدا کە رابردوو و حاڵ و داهاتووی پێکەوە بەستەوە، بەرنامەی کاریش بوو بۆ داهاتووی کوردستان.

سەرۆکی کوردستان لە وتەکەیدا ئاماژەی بە هەموو لایەنەکانی ژیانی رامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا و بەرنامەیەکی لە سەر بنامای هاوسەنگی، لە هەموو ئەو بورانەدا راگەیاند.

ئەو لە باسی پێشمەرگەوە دەستی پێکرد. بارزانی لە پلەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە خۆی "وەکوو پێشمەرگەیەک لە ناو رۆڵەکانی میللەت" ناوبرد و ئەو پۆستەی " بە خەڵات و پاداشت" بۆ " هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەرانی گەل" دانا.

بارزانی ڕوو لە پێشمەرگەی کوردستان وتی:" پێشمەرگەی کوردستان ئێوە ئازیزترین کەسانی ئێمەن، پێشمەرگە تێکۆشەرانی ڕۆژانی سەخت و ڕۆژانی هات ونەهاتن، منیش پێشمەرگەیەکم وەک ئێوە و شانازی دەکەم کە لە ریزی ئێوەدام، جێگەی ئێوە لە لوتکەدایە و لە ناو دڵ و دەروونی میللەت و لە ناو مالی شەهیداندان، ئێستاش کە میللەتی کورد پارێزراوە هەر لە سایەی ورە و عەزمەتی ئێوەیە، ئێوە بە بڕیاری میللەتی خۆتان و لە ئەنجامی ئێش و ئازاری گەلەکەتان و فرمێسکی دایکی شەهیدانەوە دروستبوون، تا گەلی کوردستان مابێت ئێوەش دەمێنن. ڕۆژانێک بوو بەرگریتان لە بوون و مافی میللەتی کورد دەکرد و بە خوێنی خۆتان مێژووتان دەنووسییەوە، ئێستاش ئێوە هەمان ڕۆڵەی جارانن و ناو و پلە وپایەتان هەروەک خۆیەتی و تەنیا ئەرکتان گۆڕاوە."

باسکردنی بارزانی لە پێشمەرگە تەنیا هەر لاواندنەوەی کەسانێ نەبوو کە بەنرخترین ساڵەکانی تەمەنی خۆیان بۆ ئازادیی کورد و رزگاری کوردستان تەرخانکرد. وێڕای ئەوە، سوور بوونی خۆی لە سەر پاراستنی هێزی پێشمەرگە و قبوڵنەکردنی ئەو دەنگدانەی لە بەغداوە پێشمەرگە دەکاتە هاوتەی میلیشیا راگەیاندەوە. وتەکانی بارزانی لە سەر پێشمەرگە هەر لەو کاتەدا کە وەفادارییەکی ئەخلاقی بوو، پرێنسیپێکی سیاسی کوردستانی بوو.

خاڵێکی گرینگی دیکەی وتەکەی سەرۆکی کوردستان، "بەخۆداچوونەوە" و هەڵدانەوەی " لاپەڕەی برایەتی و تەبایی و یەکبوون" بوو. بارزانی وەدیهێنانی ئەو مەبەستە، لە " بە هێزکردنی بیری نەتەوایەتی و پەرەپێدانی گیانی دیمۆکراسی لە کوردستان" و خۆ دوور گرتن لە "حزبایەتی تەسک و بەرچاوتەنگی و ململانێی بێ ئەنجام"دا دەبینێ.

کورد بە بارتەقای یەکبوون و یەکگرتنەکانی سەرکەوتنی بەدەسهێناوە. لە سێبەری یەکبوون و یەکگرتنەوەیە کە هەر دوو سەرۆکی ناو عێراق سەرکۆمار و سەرۆکی کوردستان، هەردووکیان کوردن. وەک بارزانی لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێدا "بەهێز کردنی بیری نەتەوایەتی" و "پەرە پێدانی گیانی دیمۆکراسی" یەکبوون و یەکگرتنی لێدەکەوێتەوە و ئەوانەش سەرکەوتن و دابین و دەستەبەر کردنی مافەکانی کوردیان بەدوادا دێ.

سەرۆکی کوردستان وەک هەمیشە وتەکانی ورد و هەڵبژاردە و پووختە کراو بوو. ئەو بە ئاماژە بە قوناغی رابردوو و دروشمی تایبەت بە خۆی و بەستنەوەی بە حاڵ و باسی دروشمی واقعبینانەی ئێستا، دەیهەوێ بڵێ، هەمووشت لە گۆڕاندایە و هەروەک بۆ هەمیشە لە رابردوو و دروشمەکانیدا نەماینەوە، بۆ هەمیشەش لە حاڵ و دروشمەکانیدا ناچەقین. بارزانی زۆرجار ئاماژەی بە دەوڵەتی کوردیی کردووە!

سەرۆکی کوردستان باسی لە گرێدراوی پرسی مافەکانی میللەتی کورد و پرسی دیمۆکراسی لە عیراقدا کرد. ئەوە پەیامێکی روونە. ئەوانەی پەرۆشی دیمۆکراسییان لە عیرقدا هەیە، دەبێ خەمی دابینکردنی مافەکانی میللەتی کوردیان هەبێ. ئەوە جەختکردنەوە لە سەر ئەو هەقیقەتەیە کە بە بێ دابینکرانی مافەکانی میللەتی کورد، دیمۆکراسی لە عێراقدا تراویلکەیە. بە وتەیەکی دیکە، کورد دیموکراسی لە دابینبوونی مافەکانی خۆیدا دەبینێ، نەک دەنگی زۆر بەیی عێراقییەکان.

سەرۆک لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و میوانانی بیانی و سەرکۆمار و سەرۆکی پەرلەمانی عیراقدا. جارێکی دیکە، سیمای ئەو عێراقەی کە کورد دەتوانێ تێیدا بحەوێتەوە، دیاری کردەوە.

بارزانی وتی:" کاتی ئەوەیە لەسەر بنچینەی فیدرالیزم و دیمۆکراسی و فرەلایەنی عێراقی نوێ دروست بکرێتەوە کە تێیدا یاسا سەروەر بێت". سەرۆکی کوردستان هەر لەو کاتەدا ئەوعێراقە نوێیەی لەسەر"بنچینەی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی هەردوو نەتەوەی سەرەکی کورد وعەرەب" پێناسە کرد.

مەرجی ئارەزوومەندانە بوونی پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب، بۆ کورد بنەمایەکی حەیاتییە. فیدرالیزم نابێ ببێتە دەقێکی پیرۆز کە تا هەتایە کورد بە عێراقەوە شەتەک بدا. دەبێ دەقێکی یاسایی، دەستی کورد لە پێکەوەژیان، یان نەژیانی لە گەڵ عەرەب لە عێراقدا بە ئاواڵەیی بێڵێتەوە!

بەشێکی دیکەی وتارەکەی سەرۆکی کوردستان، بۆ باس لە دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکان و ئەوحکومەتە یەکگرتووەی کوردستان تەرخانکرا بوو کە بڕیار وایە بەم زووانە پێکبێت و متمانە لە پەرلەمانی کوردستان وەربگرێ. لەم پێوەندییەدا بارزانی لە سەر قانوونمەند کردنی هەموو بوارەکانی ژیان و پێکهێنانی "ئیدارەیەکی هاوچەرخ ویاسایی و دەستووری " پێی داگرت. هەر لەو کاتەشدا لە سەر بنکە فراوانی ئەو حکومەتە یەکگرتووەی کوردستان و بنەمای کار و تەگبیری هاوبەش و راوێژ بە بەڕێز مام جەلال و هاوئاهەنگی لە نێوان پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر راوەستا و دواکەوتنی کارەکان و درەنگ بە ئەنجام گەیشتنی، بۆ سروشتی ژیانی دیمۆکراسی گەڕاندەوە و هەمووانی دڵنیا کرد کە جارێکی دیکە لێکترازان روونادا.

بارزانی بەمجۆرە لە لایەکەوە پابەند بوونی خۆی بە قانوون و دامەزراوە قانوونی و دەستوورییەکان و قەوارەی هاو چەرخ و یاسایی و دەستووری راگەیاند و لەلایەکی دیکەوە، ئەو قەوارەیەی بە سەرکردایەتی دیمۆکراتیی لە کوردستان و خۆبوورادن لە تاکڕەوی و پشت بەستن بە بنەماکانی کاری هاوبەش و هاوئاهەنگی و راوێژ بەستەوە.

یەکێکی دیکە لە خاڵە گرینگەکانی وتارەکەی سەرۆکی کوردستان، پرسی کەرکووک و ئەو



ناوچانە بوو کە لە دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی کوردستانن.

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد زۆر بە پەرۆشەوە دەڕواننە ئەو شارە و هەموو ئەو شارو دەڤەرانەی کوردستانیین و کەوتوونەتە دەروەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان. کەرکووک و شارەکانی دیکەی کوردستان، تەنیا بۆ کوردی باشور گرینگی نییە. بەڵکوو ئەوە خەمی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانە. کێشەکەش ئەوە نییە کە کەرکووک خاوەن نەوتە. ئەوە بە جیگای خۆی گرینگە، بەڵام گرینگتر لە نەوت، مرۆڤەکان و خاکەکەیە کە باوباپیرانیان لە دڵیدا نووستوون!

ساڵی ١٩٦٣، کەرکوک بووە هۆی دەسپێکردنەوەی شەری حکومەتی ئەو دەمی عێراق و شۆڕشی کورد. زۆرجار حکوومەتەکانی عێراق ئامادە بوون، لە سەر کوردستانێکی بێ کەرکوک لە گەڵ کورد ڕێکبکەون. بارزانی لەرابردوودا بەرگرییەکی روون و راشکاوی لە ناسناوی کەرکووک و شوێنەکانی دیکە کردوە. ئێستا لە پلەی سەرۆکایەتی کوردستاندا، نەخشە بۆ گەڕاندنەوەیان دەکێشێ و رادەگەیەنێ کە پاشگەز بوونەوە لە مادەی ٥٨ی تایبەت بە کەرکووک لە کەس قبول ناکەین و بەچارەیەکی جیا لەوەش بە شتی دیکە رازی نابین.

پرسە سیاسییەکانی کوردستان و بابەتە پێوەندیدارەکان بە بەغداوە، سەرۆکی کوردستانی لە بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری (کۆمەڵگای کوردستان ) خافڵ نەکردوە. بارزانی لە وتارەکەیدا، بەروونی باسی لەو کۆمەڵگایە کرد کە سەرۆکایەتییەکەی بەو سپێردراوە. ئەو باسی لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری تێکدراوی کوردستان کرد. مۆدێلی کە بارزانی پێی لە سەر داگرت، ئابوری بازاڕی ئازاد و بایەخدان بە کەرتی تایبەت و پرۆژەی هاوبەش لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت دابوو. ئەم مۆدیلە ئابوورییەی کە سەرۆکی کوردستان بە بنەمای دەگرێ، بە لە بەرچاوگرتنی سیستمی ئابووری جیهانی و تواناکانی کوردستانە. گومان لەودانییە کە سەرۆکی کوردستان لە ڕەچاو کردنی ئەم مۆدیلەدا، ئەوەی جێی خەم و بایەخیەتی بەرژەوەندیی دانیشتوانی کوردستان و پێشکەوتن و ئاسوودەیی ئەوانە، نەک بەرژەوەندیی تایبەت و یەک لایەنەی کۆمپانیا ئابورییەکان.

سەرۆکی کوردستان سیمای کۆمەڵایەتی و شارستانی کوردستانی داهاتووی بەم فاکتەرانە نەخشاند: ڕێگەوبانی پیشکەوتوو، پۆستە و گەیاندنی سەردەمیانە، خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا، قوتابخانە و بنکەی تەندروستی، چاکسازیی لە سیستەمی پەروەردە و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بەعس، زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵا و پێوەندییان بە زانکۆکانی جیهانەوە، بنەبڕکردنی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی، دەرفەتی کار بۆ هەموان....هتد.

لە بەرنامەی کاری سەرۆکی کوردستاندا، هیچ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کوردستان، لە بیر نەکراوە و هاوسەنگییەکی باش و واقعبینانە لە نێوانیاندا دەبینرێ. ئەو هاوسەنگییە مەرجی بەرەو پێشچوون و گەشە و یەکپارچەیی مانەوەی گەلە. بارزانی بەبایەخەوە باسی لە ئازادییەکانی تاک و کۆ و ئازادیی دین و باوەڕی ئایینی کرد. بەڕێزەوە باسی لە لاوان و قوتابیان و ویست و ئارەزووەکانیان کرد. هەروەها بە بەرپرسایەتی و بەرعۆدە بوونەوە، ئاوڕیی لە پرسی ئافرەت (ژن) دایەوە. ئەو رایگەیاند کە: " ئافرەتان رۆڵی شیاوی خۆیان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا بگێڕن وهیچ جیاوازییەکی یاسایی لەم بوارەدا نەمێنن" سەرۆکی کوردستان، ژنانی هاندا و پشتگیری لێکردن، "دەبێت ژنان خۆشیان خەبات بکەن بۆ گۆڕینی ڕەوشی خۆیان لە کۆمەڵگادا و ئێمەش هەموو پالپشتییەکیان دەکەین".

سەرۆکی کوردستان لە عەینی پێداگری لە سەر ئازادی کارکردن و ئازادی نواندنی چالاکیی سیاسی حیزب و لایەنەکانی کوردستان و ئازادی راگەیاندن و رەتکردنەوەی سانسۆر، ڕێزگرتن لە ئایینی ئیسلام و پیاوانی ئایینی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی بە پێویست دانا.

بەمجۆرە لە بەرنامەی کاری سەرۆکی کوردستاندا، هەر جۆرە خۆسەپاندنێکی، سیاسیی و ئایینی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی رەتکرایەوە. ئەوەی هەبوو، هاوسەنگی و پێکەوە ژیانی دیموکراتی بوو. هەر بۆیە لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا بە راشکاوی باسی لە: یەکسانی ماف و ئەرکی هەموو هاووڵاتیان و نەبوونی جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لە نێوان نەتەوەکانی کوردستاندا کرد.

بارزانی لە رەوانگەی یاساوە و بە پێی یاسا و بە شێوەی مادی، بە سەرۆکایەتی"هەرێمی کوردستانی عێراق" واتە باشوری کوردستان لە لایەن پارلمانی ئەو بەشەوە هەڵبژێردراوە و ئەرکە یاسایی و مادیەکانیشی هەر بەو بەشە تەرخان دەکرێ.

مەسعود بارزانی لە بنەماڵەیەکە کە بۆ ئازادی کورد، جیاوازییان بە هیچ پارچە و مەڵبەندێکی کوردستان نەکردووە. خۆشی لە مهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان لە دایک بووە. واوێدەچێ بارزانی ئەم نەریتە لە بیر نەکا و درێژەی پێبدا. بۆیە، لە رووی سیاسی و ئەخلاقییەوە ئەرکی ئەو سەرۆکە تەنیا بە باشوری کوردستان بەرتەسک نابێتەوە. هەر وەک چۆن شادی و خۆشی و پشتگیری کورد لەو، بەتەنیا بە باشوری کوردستان بەرتەسک نەبووەوە. هەمو دیتمان کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم سەرکەوتنە کرایە جەژن.

ئەم پابەندییە لە وتارەکەی سەرۆکدا دەبینرێ. ئەو لە بەردەم نوێنەرانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئێران دا، باسی لە نەتەوەی دابەشکراوی کورد کرد. بارزانی وتی:"لە بارەی نەتەوەی کوردەوە کە بەسەر وڵاتانی دراوسێدا دابەشکراوە، برایانمان دڵنیا دەکەینەوە کەوا دڵ و دەرونمان لە گەڵ ئەوان و ئێش و ئازارەکانیانە".

بۆ دەسەڵاتی نەتەوەیی باشوری کوردستان و سەرۆک و پارلمان و حکومەتەکەی، پارچەکانی دیکەی نیشتمانی دابەشکراو قووڵایی ستراتیجین. ئەم دامەزراوە نەتەوەییانە بە توانای هەموو کورد دەپارێزرێ. توانای ٤٠ملیون کورد. بۆیە جێی خۆیەتی کە دامەزراوە سیاسیەکانی باشوری کوردستان، هەر بەوجۆرەی سەرۆک بارزانی راێگەیاند "دڵ و دەرون"یان لە گەڵ ئێمە و ئێش و ئازارەکانمان بێ.

ساڵی خۆش لە بەهاری ڕا دیارە. وتارەکەی سەرۆک بارزانی حیکایەتێک لە پڕ پیت و بەرەکەت دەکا.

*** سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**بارزانی لەرابردوودا بەرگرییەکی روون و راشکاوی لە ناسناوی کەرکووک و شوێنەکانی دیکە کردوە. ئێستا لە پلەی سەرۆکایەتی کوردستاندا، نەخشە بۆ گەڕاندنەوەیان دەکێشێ و رادەگەیەنێ کە پاشگەز بوونەوە لە مادەی ٥٨ی تایبەت بە کەرکووک لە کەس قبول ناکەین و بەچارەیەکی جیا لەوەش بە شتی دیکە رازی نابین**